**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٣٨٦ لە ٢٠٢٢/٦/٢٢**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢**

ئاماژە بە بەیانی وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٢٢) بە نووسراویان ژمارە (٢٩١٧ لە ٢٠٢٢/٢/٢) كە تایبەتە بە گۆڕینی ناحیەی سەڵاحەدین بۆ قەزای پیرمام بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە ئەنجومەنی دادوەری بە كۆی دەنگ بڕیاردرا بە:

- گۆڕینی ناوی دادگای (بەرایی سەڵاحەدین) بۆ(دادگای بەرایی پیرمام) .

-ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە(١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسایی وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی ژمارە(١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- هێنانەكایەی(استحداث) كردنی (بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری كۆمەڵایەتی بۆ كرێكارانی گەرمیان) سەربە ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیان لەبەر بەرژەوەندی گشتی و زۆربونی كارو پرۆژەكان و كارئاسانی بۆ هاوڵاتیان و خزمەتكردنی زیاتر كرێكارانی ئەم سنوورە

٣- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێ لە ڕۆژی بڵاوبووەنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان).

**كوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**

---

**دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگە**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی دەستەی پاراستن و چاككردنی ژینگە و ماددەی (٨)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای بڵاوكردنەوە لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی كوردستان) ئەم بەیانەمان دەركرد :

ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٢٢ تایبەت بە(چاودێری ژینگەیی بۆ پرۆژەكان) ماددەی (١) بڕگەی (٧) هەمواردەكرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :

٧.چالاكی : هەرجۆرە چالاكیەكی پیشەسازیی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری یان هەر چالاكیەكی دیكە كە كاریگەری نەرێنی بكاتە سەر ژینگە .

ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێ لە رۆژی بڵاوبونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) .

**عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆكی دەستە**